# دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن

لەسیستەمی دیموکراتی دوو هێڵی تەریبی ناو پرۆسەی بەڕێوەبردنن لەمافەکانیان وەک نیشتمانپەروەری لەهەمان کاتیش دوو هێڵی یەکتربڕن لەئەرکەکانیان بۆ پێشکەوتن و دادپەروەری ، دەتوانرێ بناسرێن: کە دوو هێزی یەکگرتووی یەکانگیری ڕکابەرن بۆ گرتنی دەسەڵات کێ بەرکێ کار و پرۆژە پێشکەشکەرن . لەهەموو جۆرە سیستەمەکانی تری بەڕێوەبردن هەمیشە نەگونجاوی ناکۆک و بەرهەڵستی دژەکەرن . بۆ شیکردنەوەی ماف و ئەرکی هەرلایەکیان دەبێ شرۆڤەی ئەو دەرهاویشتە سیاسیانە بکرێ ، یەکەم .. ئایا دەسەڵاتی دەرەکی داگیرکاری و ئۆپۆزسیۆنی خۆماڵی یە ؟ دووەم .. یان دەسەڵاتی ناوەکی نیشتمانی و ئۆپۆزسیۆنی خۆماڵی یە ؟ لەیەکەمدا دەسەڵاتێکی ڕەتکراوەی زۆردار و بەنەفرەتە لاکەی تریش سەردەمی شۆڕش هەڵگیرسان و پیرۆزی جوانی ئۆپۆزسیۆنە لەبەرگە نیشتمانیەکەدا . لەدووەم سەردەمی فەرمانڕەوایی هەوڵی گرتنی کورسی دەسەڵاتە زۆرینە دەسەڵات و کەمینە ئۆپۆزسیۆنە هەردوولاشیان نیشتمانی هەروەها پێویستیەکی گرینگی داد و دیموکراتین . بەسروشت هەمیشە دەسەڵات کار و کردەییە مەیدانی یە ئۆپۆزسیۆنیش تیۆری زارەکی کۆڕ و پەرلەمانە ، دەسەڵات دەسبەندە سنوردراوی بەرنامە جێبەجێکردنە ناتوانی لەواقیعدا ئەوەی بەرنامەڕێژی کردووە لەگفت و پەیمانی کاتی هەڵبژاردن کتومت بیگەیەنێتەسەر لەهەمبەردا ئۆپۆزسیۆن دەسکراوەی وروژێنەری کەماسیەکانە ، ڕەخنەکار و بەرنامەی لەجێی دەسەڵاتە واتە ئۆپۆزسیۆن داواکار و دەسەڵات جێبەجێکار .

## جۆرەکانی دەسەڵات ..

دەسەڵات و جۆرەکانی دابەشە بۆ سیستەمی دیکتاتۆری یا دیموکراتی ... لەدیکتاتۆری ڕەتکاری ئۆپۆزسیۆنە بەهەموو شێوەیەک سەرکوتی دەکا ناهێڵی هەناسە بدا بوونی هەبێ ، ئەو جۆرەیان لەبەڕێوەبردندا ئاسانە ئەگەر بنەماکانی دارایی و لایەنگری هەبێ زوو دەکەوێتە سەر ڕەوەڕەوەی کارەکانی زۆرجار بەکودەتای سەربازی یان پشتیوانی سوپایی هەندێ جاریش بەوەرگەڕان لەشۆڕشگێڕییەوە دیکتاتۆر دروست دەبێ بنەماڵە یا چین و توێژێک سەردەستەن هێز ماکی سەرەکی زمانگۆ و هەڵسوڕێنەری کارەکانیەتی بەڕووکەشی دروشمی بریقەداری هەڵخەڵەتێنەر . لەسیستەمی دیموکراتی دەسەڵات سەلمێنەرە ڕەدووی داخوازیەکانی ئۆپۆزسیۆن و شەقامی جەماوەر دەکەوێ سەرڕای جیاوازیەکان زمانێکی یەکگرتووی لەیەکگەیشتن هەیە ، جێبەجێکردنی گرانە ئاسنکار نی یە چونکە کۆی گەل تێیدا بەشدارە بەهەموو چین و توێژەکانیەوە دابینکردنی مافی هەمووانیش کێشەی زۆری هەیە بۆیە بەشێک تێیدا دەبنە بەرهەڵستکار پارێزەری مافی نیوەن بەشەکەی تریش دەبنە دەسەڵات بۆ قازانجی نیوەکەی تر هاوکێشەکردنی ئەرک و مافی هەردوولاش گرانکاری یە تەنیا لەسیستەمی دیموکراتی دا فەراهەم دەکرێ .

## جۆرەکانی ئۆپۆزسیۆن ...

ئۆپۆزسیۆن و جۆرەکانی سیاسی ، چەکداری ، لەتاکە کەسەوە دەست پێدەکا تا نیوەی کۆمەڵ . لەئەنجامی چەوسانەوەی دیکتاتۆری یا لەبەرهەمی سندوقەکانی دەنگدان زۆرینەی براوە دەسەڵاتە هەرخۆی پرۆسەکە ئۆپۆزسیۆنیش وەک کاردانەوە دروست دەکا واتە گەر دەسەڵات نەبێ ئۆپۆزسیۆن هیچ واتایەکی نابێ لەکاتێکیش ئۆپۆزسیۆن نەبێ هەردەم دەسەڵات دیکتاتۆرە و هەرگیز دیموکرات نی یە .

## سنوری کاری ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات ..

گەر زیاد لەخۆی فراوان بێ چاوەدێری دەبێتە دیکتاتۆر ، ئۆپۆزسیۆنیش زیاد بکا دەبێتە ئاژاوەگێڕ و تێکدەر . بۆ سانایی تێگەیشتن لەچمکی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن وەک پردەکەرێک ( ئەو پردەی بێ شارەزایی کەر بەئاسانی لێ ی دەپەڕێتەوە ) دەکرێ لێکی بچووێنین بەدوو جەمسەری مگناتیسی پۆزەتیڤ و پۆزەتیڤ یا نێگەتیڤ و نێگەتیڤ هەردووکیان سەربەخۆ بگری مادە جیاکانن لەسەرێکەوە یەکگرن لەسەرەکەی تریش هەرچەندی لێک نزیک بکرێنەوە هەرگیزیش یەکتری ناگرن . نێوانییان دیواربەندی هێزێکی جوداکەرە هەرگیز ئاوێتەی یەکتری نابن .

## کێ ئۆپۆزسیۆن و کێ دەسەڵاتە ؟

یەکلایی کردنەوەی کار و بڕیارێکی سەختە لەسایەی دیموکراتی دا پرۆسەیەکی سەختی هەڵبژاردن ، دۆڕای کەمینە و براوەی زۆرینە ، ڕاگەیاندن و بانگەشە ، بەرنامە و پێشنیار ، ڕۆڵی کەسایەتی گرینگ و کاریگەر ... ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات شێوەی کار و بۆچوونی شوێن کەوتووانی یا بەڕێوەبەرانی بڕیاردەری هاوکێشەکردنی تای تەرازووی نێوانیانە مایەی دروستی ، سەرکەوتنی دانوستانی عەقلانیانە . لەگەڵ داخرانی سندوقەکانی دەنگدان ئەوا دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لەدایک دەبن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو . دەکرێ لەپرۆسەیەکی تری هەڵبژاردن جێگۆڕکێ ی حیزب و لایەنەکان بکرێ ئەوەی دوێنێ دەسەڵات بوو ئەمڕۆ ببێتە ئۆپۆزسیۆن یا پێچەوانەکەی لەئەنجامی گۆڕانی تای تەرازوە حیزبی و سیاسیەکان کە دەرهاوێشتەی پەیوەندیە بەرەیی و کارە هاوبەشەکانە .

## دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان ..

دەسەڵات لەکوردستان پرۆسەیەکی ساوایە ڕەگ و ڕیشاڵی یاسایی ، مێژوویی ، کەڵچەری نی یە تەنانەت بنچینەیەکی نی یە خۆی لەسەر ئاوا بکاتەوە هەوڵی پێداچوونەوە و گۆڕینی خۆی بدا . زۆربەی کاتەکان

دەسەڵاتی داگیرکاری بووە ، دەسەڵاتە ناوچەییەکانیش خۆی لەسیستەمە کۆنەکانی میرنشینی و ئاغایەتی دەبینیەوە کەسەردەمی بەسەرچووە لەشارستانیەتی نوێدا پێگەی نەماوە . لەلایەکی تر وەک چمکێکی نیشتمانی بەدەسهاتنی ئەو دەسەڵاتەی ئێستای باشوری کوردستان بەرهەمی ساڵانێکی زۆری خەباتە جێ هیوای ملیۆنای کوردی چەوساوە و گیانبەخشی هەزارانی تری ئاوات بەدی نەهاتە . وابەئاسانی نەگەیشتۆتە دەست و هەلەکانی گرتنەدەستی دەگمەن بوون ! دەیان هۆکار وەڵامدەری ڕاستی یەکانن لەڕووی جوگرافی وڵاتەکە ڕێگە وشکانی بەستەرەوەی ئاسیا و ئەوروپایە جێشەڕگەی فیرعەونەکان ، ئیسلامی و زەردەشتی ، مەغۆل و ڕۆمانی ، یۆنانی و ئیمپراتۆریەتەکانی فارسی و عوسمانی تا ئەمڕۆی عەرەب و تورک و ئێرانی لەهەمووی نالەبارتر کەمی ژمارەی کوردان بەرامبەر بەداگیرکەرانی بووە . ئێستا لەسایەی حکومەتی هەرێمدا بنەمای دەوڵەتی و دروستبوونی هەیە هەوڵی ناشیرنکردنی یەکتری هەریەک لەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بەشێوە نادادوەریەکەی کارێکی دزێوی نافڕەجا و تاوانێکی نیشتمانی لێنەبورە هەرکامێکیان دەسپێشکەر یا بەردەوامکەری بن تاوانبارن . ئەوەی دەیبینین دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر لەبەرگی دیموکراتی بەئارایشی سیاسەتی سازش و ئەگەر ئەگەر ، گەندەڵی بەڕێوەبردن ، قۆرغی بازاڕ و کایەکانی ژیان بەقازانجی کۆمەڵە کەسانێک لەبنەماڵە و خێڵ خۆی دەنوێنێتەوە . ئۆپۆزسیۆنێکی دیکتاتۆری بەمەنتیقی شۆڕشگێری فەرمان و سزا دەدا کەبەخۆی ڕەوا دەبینێ هەرچی بیڵێ و بیکا کورتبین لەسنورێکی تەسکی جوگرافی قەتیس و بلۆق دەدا . سەرباری هەموو ئەم کەمزانی دوولانەییە دەکرێ بەچاوێکی ڕەخنە لەخۆ و یەکتریگرانە بوونی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی ناو پڕۆسەی بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەئەرێنی هەڵسەنگێنین و بیگەیەنینە ئەنجام بەبەرهەمێکی

زانستی سەرکەوتووی دەسەڵات - ئۆپۆزسیۆنگەری دیموکراتی دوور لەزمانی جوێن و گوللە .

## کێشەی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان ..

پەیدابوون و سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن کاردانەوەی کاری دەسەڵاتە لابردنی ناوی حیزب و کەس و ڕێکخراوی کاڵ کردۆتەوە لەجیاتی کێشەی نێوان دوو حیزب بۆتە کێشەی نێوان دووبەرەی پێویستی بەڕێوەبردن کە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنە بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا خۆی ئۆپۆزسیۆنەکە دەرهاویشتەی ناوەکی کێشە یەکلانەکراوەکانی حیزبەکانی دەسەڵاتە ڕوونتر گۆتەنی یەکێتی لەناو هەناوی پارتی و گۆڕانیش لەناو هەناوی یەکێتی لەدایک بووە . ناگزولیەکان لێرەوە دەسپێدەکەن مەزاجی نەزۆکی نایکەم و تێکی دەدەم لەلایەن ئۆپۆزسیۆن هەروەها میراتی و نایدەمی دەسەڵات گرێکۆرەیەکی نەکراوەیە موتوربە بەکێشە کەسایەتیەکان فلان گەندەڵە و فلانیش تێکدەرە ، تۆمەتی هەڵبەسراو شکانی ئابرووی یەکتری بەمیدیایی نەریتی ، چاولێکەری وڵاتانی دەوروبەر ، گۆشکردنی لایەنگران بەچەواشەکاری و تەقاندنی قومبلەی پارە بەسەریاندا لەگەڵ بوونی دەستی دەرەکی لەبار یەکتری دەرهێناون کەچی لەڕاستی دا دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لەسیستەمی دیموکراتی یاسای یەکێتی دژەکانن پەیوەندیەکی دیالیکتیکی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە هەرلایەکیان پارێزەری بەرژەوەندی بەشێکی گرینگ و نوێنەرەوەی داوای ڕەوا و ڕەهای کۆمەڵن . ئێستا هەموو ئەنجامی کارەکانیان بەخۆدزینەوە لەئەرکی مێژوویی و بەرژەوەندی بەرەی گەل تەواو دەبێ ململانێیەکی ناشەریفی سیاسەتی چەوتەکارە . دەسەڵات بنەماڵەیی خێڵەکی پیاو پیاوانێ و دەستەگەری یە مەست و مڕی پارەی بگری کورسی یە ئۆپۆزسیۆنیش چەند بەشی نەگونجاوی ململانێ ی عیلمانی و ئیسلامی هەرزەگۆی توندی خێراڕەوە بەپرۆسەی مێژوویی خۆی دا ڕێ ناکا پەلەی

لێدەکرێ . خۆی سروشتی باشوری کوردستان عەشیرەتگەری ، حیزبگەری ، ئیسلامگەری ، ناپیشەسازی ناکشت و کاڵی یە ، لەسەر وێرانەی عوسمانی و بەعسی عەرەبی ئاواکراوە ، کۆمەڵگایەکی خەساوی مووچەیی کەم بەرهەمی زۆر وەرگرە . بۆیە ئەم بارەی ئێستا بەرهەمێکی نەخوازراو و شایستەی سەرزەنشت هەروەها هەوڵی چارەسەرە .

## دەسەڵات ڕۆشنایی یە و ئۆپۆزسیۆنیش سێبەر ..

لەسایەی ئەو پەندە چینی یەدا شرۆڤەکە وادەکرێ تادەسەڵات نەبێ هەرگیز ئۆپۆزسیۆن نابێ گەر دەسەڵاتیش حکومەتی ڕووناکی یە ئەوا ئۆپۆزسیۆن حکومەتی سێبەرە ئەوانەش سەلمێنەری یاسای زانستین تاڕووناکی نەبێ سێبەر دروست نابێ . دەسەڵاتێک بەڕۆشەنی خزمەتکار و خاوەن کردار ، ئۆپۆزسیۆنێک حکومەتی سێبەر بێ بۆ هەموو وەزیر و بەڕێوەبەرەگشتیەکان خاوەن بەرنامەی جێگرەوەی پێشنیار . ڕاوبۆچوون لێکدانەوی زۆر هەیە بۆ تێگەیشتن لەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن هەریەکەش لەوگۆشەیەی دەیبینێ شیکار و سەلمێنەری دراوەکانی بیردۆزی بەڕێوەبردن دەکا لەسیستەمێکی دیموکراتدا . بەکوردی و بەکورتی هەردووکیان وەک شیشە کەبابێکە بۆ خواردنی دەبێ هەردوولای باش سورکەیەوە جوان بیبرژێنی تا سودمەندبێ ئەگەر هەرلایەکیان بسوتێ لاکەی تر خاوە و ناخورێ جا بۆ بەرژەوەندی گەل و خاکی کوردستان دەبی هەردەم چاوەدێر و ڕەخنەبار بکرێن سانسیش بدرێتە هەردوولا خۆیان و بارەکە ڕاستکەنەوە . تەرازووی هاوسەنگی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسین هیچ کاتێ هاوکێشە نابێ بۆ هەر کار و بڕیارێک یەکیان بەرز و ئەوی تریان نزمە . ڕای سێ یەم لەهەردوولاوە دەبوغزێندرێ کەنیشتمانپەروەرە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیشی خۆشدەوێ وەک مافێکی نیشتمانی خۆزگەویستی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەرە بێگومان هەر

ئـەویش بریاردەرە کێ دەگاتـە دەسـەڵات کێش ئۆپۆزسیۆنـی خاوەن بـەرنامـە و تـەواوکـەرە .

دلشاد تاقانـە



Dlshadtakana@yahoo.com